# حەلی مکعبی جادوویی بەم شێوەیەیە :

**یەکێک لە ڕێگاکانی حەلی ئەو معمایە بەم جۆرەیە کە لە پێنج مەرحەلە پێک دێ:**



وێنەی 1

**بۆ ئەوەی بتوانین دەست بە مەرحەلەکان بکەین دەبێ ئێوە لانی کەم بتوانن مکعەبەکە بەو جۆرەیکە لە وێنەی 1 دا دیاری کراوە، دەربێنن !** (بۆ ئەوەی بتوانن باشتر لەو نووسراوەیە کەڵک وەربگرن بەری سپی هەر وەک وێنەی 1 لەسەرەوە بێ !)

**مه رحه له ی یه ک:**

**بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو مەرحەلەیە(وێنەکانی 2 و 3 )، دەبێ لە چەپەوە بۆ ڕاست ئەو هەشت حەرەکەتەی خوارەوە بەجێ بێنن !**



وێنەکانی 2



وێنەکانی 3

**مه رحه له ی دوو:**

**کاتێ مەرحەلەی 1 تەواو بێ، مکعەبەکە دوو ڕەدیفی جێ بەجێ دەبێ و بۆ دەستپێکردنی مەرحەلەی دوو دەبێ مکعەبەکە هەڵگێرینەوە بەو جۆرەی کە ڕەدیفە دروستکراوەکانی لە خوارەوە بن .**(بەری سپی دەکەوێتە بنەوە)

**هەروەک لە وێنەکانی 4 دا دەبیندرێ ، بۆ گۆرانەوەی ئەو دوو بەردە، دەبێ لە چەپەوە بۆ ڕاست ئەو حەوت حەرەکەتەی خوارەوە بە جێ بێنن !**



وێنەکانی 4

مه رحه له ی سێ:

ئەگەر مەرحەلەی دوو بە دروستی ئەنجام درابێ، چوار بەردی وەسەتی بەشی سەرەوەی مکعەبەکە دەبێ جێگاکەیان دروست بێ، بەو تەفاوەتەی کە بەردەکان ڕەنگە سوورابێن و پێویستییان بە هەڵگەرانەوە بێ . بۆ ئەو مەبەستە لە مەرحەلەی سێ کەڵک وەردەگرێن !

لەو حاڵەتەدا ڕەنگە 2 یا هەرچوار بەردەکانی نێوەراست پێویستیان بە هەڵگێرانەوە بێ .
بۆ حەلی ئەو مەرحەلەیە دەبێ مکعەبەکە بەو جۆرەی لە وێنەی 5 دا دەیبینن ڕاگرن و ئەو هەشت حەرەکەتەی وێنەکانی 6 لە چەپەوە بۆ ڕاست ئەنجام بدەن . دوای ئەوە نابێ باری ڕاگرتنی مکعەبەکە لە دەستدا تێکدرێ و هەر بەو شێوەیە ئەو بەردە وەسەتیانەی کە دەبێ هەڵگێردرێنەوە، بهێندرێنە پۆزیتسیۆنی وێنەی 5 و دیسان حەرەکەتەکانی وێنەکانی 6 دووپاتە بکرێنەوە .



وێنەی 5



وێنەکانی 6

مه رحه له ی چوار:

ئەگەرمەرحەلەی سێ بە دروستی ئەنجام درابێ، تەنیا گۆشەکانی مکعەبەکە دەمێنێتەوە کە بۆ جێ بەجێ بوونیان بەو جۆرە ئیش دەکەین .
ئەگەر هیچ یەک لە گۆشەکان دروست نەبن،ئەو هەشت حەرەکەتەی وێنەکانی 7 یەک یا دوو جار لە چەپەوە بۆ ڕاست ئەنجام دەدەین تا لانی کەم گۆشەیەک جێ بەجێ دەکەین !



وێنەکانی 7



وێنەی 8

بەڵام ئەگەر گۆشەیەکی مکعەبەکە جێگاکەی دروست بێ، دەبێ وەک لە وێنەی 8 دا دەبینرێ، گۆشە دروستەکە(بەردە ڕەشەکی وێنەی 8) بەو جۆرە لە دەستدا رابگیرترێ و ئەو حەرەکەتانەی وێنەکانی 7 ئەوەندە دووپاتە بکرێنەوە تا گۆشەکان جێگای دروستی خۆیان دەبیننەوە .

مە رحە لە ی پێنج:

مەرحەلەی پێنج کە مەرحەلەی ئاخری ئەو نووسراوەیەو بۆ هەڵگێرانەوەی گۆشەکان بەکار دێنین . مکعەبەکە بەو شێوەیەی وێنەی 9 لە دەستدا رادەگرین(ئەو بەردە بۆرە جێگای ئەو بەردانەن کە لەو مەرحەلەیەدا دەبێ هەڵگێرترێنەوە) لێرەشدا هەر وەک مەرحەلەی سێ، نابێ باری مکعەبەکە تێکدەین و ئەو گۆشانەی کە دەبێ هەڵگێردرێنەوە، دەهێندرێنە پۆزیتسیۆنی وێنەی 9 و حەرەکەتەکانی وێنەکانی 10 لە چەپ بۆ راست عەمەل دەکەن !



وێنەی 9



وێنەکانی10

جاریوایە مەرحەلەکان دروست دەردێن و پێویست بە جێ بەجێکردنیان نییە. لەو حاڵەتەدا دەچنە سەر مەرحەلەی دوایی.

هیوادارم توانیبێتم بە شکلێکی ئاسایی ئەو نووسراوەیە بخەمە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

شوانە خاکەلێوەی 2705 ی کوردی redaktion@rojhalat.de